شیعر



چنوور نامیق

# تەمەن بەشی دوو دیدارە



لە سەرەڕێی ڕاستی و گومان
بە قومێ شەرابی مەراق سەرم گەرمە و
دوایین گۆزە لەبەر پێی سەفەر ئەشکێنم
بە قوڕی فرمێسک و شەراب
ئادەمێکی دوور لە ژیان دروست ئەکەم
کە هاتە گۆ
وەرزی وەفام لە بۆ بێنێ
ئەوە دەستم قوڕاوییە و
بۆنی ماڵە باجێنەی لێ دێ
لە چاوەڕوانی دیدارا
قوڕی وشکەوبووی عومرێکی دوور و درێژ ئەتەکێنم
ئێستاکە مەڕۆ ناوەختە
ژیان لەوسەری ئێوارە توڕەکانمەوە رایگرتووم
ڕوخسەت نادا
شەوێکی تر لە ئەستێرەی چاوەکانت

ڕۆژکەمەوە
لێوم لە سەبری نەگەییو هەراسانە و
ڕۆحم لە بێ ئۆقرەیی تۆ
مەڕۆ با چاوم پڕکەم لێت
مێژوو بەسەری سپییەوە ڕاوم ئەنێ و
تۆش دوا سۆیندی ڕۆیین ئەخۆی
ئەگەر بڕۆی هەموو گۆزەکانی تەمەن
لە زەینم وردوخاش ئەبێ
ئاوابوون روحی داگرتووم
نیگام نوقمی بێدارییە...
جارێ مەڕۆ
دەستەکانم قوڕاوین و
مەغریب میوانی نەناسی
بەرماڵی شیعرەکانمە
زۆریش نابێ
زەردەپەڕ نازی پەنجەکانی بردم و
ئاوڕی لێ نەدامەوە
جارێ مەڕۆ
وا شەوێک دێ
لە نەزەری بێ نەزەرتا
ڕووم زەرد ئەبێ
مەڕۆ با چاوم پڕ کەم لێت
تەمەن بەشی دوو دیدارە و
زیاتر ناڕوا
لەم هاوینە دوورەی ژیان
بێزوو بە قوڕەوە ئەکەم
ئادەمێکی بێ نیشتمان
دروست ئەکەم



سەرم گەرمە و قوڵپ قوڵپ
یادەکان هەڵدێنمەوە
بە ئیزنی زەردەپەڕی رووت
دوایین گوزە لەبەر پێتدا
ئەشکێنم

ئادەمێکی دوور لە کۆڵانەکانی ژیان
دروست ئەکەم
کە پێشوازی سەفەرم کرد
مشتێ وەفا لەسەر رێگەم
بپرژێنێ
سەرم گەرمە و
رۆح مەستانە گریانی دێ
بەبۆنی وەفای تۆ کەوتووم
بەبۆنی گوڵی نایلونی و
هەردە پەنجەکانم کەوتووم
حاڵ گرتوومی
بەبۆنی شیعری کاڵ کەوتووم
سەرم گەرمە و
شەرابی عومری رژاوم
هەڵدێنمەوە
پڕم لە کزەی وەنەوشە و
شنەی بێ داڵدەی چنووران
حاڵ گرتوومی
بێ شەرم گۆزە ئەشکێنم
کزەکزی رێی سەفەرت کاسم ئەکا
لەخۆ ئەچم
سێبەری خەون دامئەپۆشێ



ژووان باوەشێنم ئەکا و

دوو سێ نمە
بەئاستەم پێڵووم هەڵدێنێ
کە دێمە خۆ
بێ باکانە مەغریبی رووت
بەجێم دێڵێ
مەڕۆ چاوم خاڵییە لێت
بەسەر چڵی تەمەنمەوە
پرشێ ئاوابوون جێ بێڵە
جارێ مەڕۆ
من سەرقاڵی نەخشاندنی
ئادەمێکی تازەترم
چاوەکانم شەوی دووری
پڕ ئۆغریان
تیا نووستووە
دەستەکانم قوڕاوین و
خۆزگەی وشکەوبووی
تەمەنم
لەناو دەستما ئەکوژێتەوە
تەمەن بەشی دوو دیدارە و زیاتر ناڕوا
نابینایانە مل ئەنێم
ئەمەوێ چەند ساڵێکی
تر
لە پەراسووی راستی ئادەم
بکەمەوە
***

